# خانەی حیزب لەشاری لندن کۆریك لەبارەی " ریفراندۆم وسەربەخۆی بۆکوردستان" سازدەدات

رۆژی 2004/6\26 خانەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەشاری لەندەن لەدووتویی‌ی بەرنامەکانی خۆیدا کۆریکی بۆ هاوری ئاسۆ کەمال لێپرسراوی کەمپینی رفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سازدا، لەم کۆرەدا کەژمارەیەك لە هاوریان و کوردەکانی شاری لەندن ئامادەیی بوون، ئاسۆکەمال لەبارەی مەسەلەی کورد،لەبەر رۆشنایی دوا پیشهاتەکانی بارودۆخی ئیستای عیراق ولە سایەی حکومەتی کاتیدا، قسەوباسیکی پیشکەش کرد وپاشان ریگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقی خستەروو وەلەکۆتایشدا لەبارەی بەهیزکردنی کەمپینی ریفراندۆم و ئەوکارانەی کەدەکەویتە ئەستۆی خەلکی کوردی دانیشتووی ولاتانی ئەوروپاوە بۆئەوەی مافی ریفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان بیتەدی رینمای جۆراوجۆری دا. لەبەشی دووەمی کۆرەکەدا ماوەی پیویست درابە ئامادەبووان بۆ پرسیار کردن و خستنە رووی سەرنجەکانیان و لە کۆتاییشدا نامەی سەنتەری رفراندوم بۆ کوفی ئەنان لیّپرسراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خوێندرایەوە و ئیمزای ئامادەبووان کۆکرایەوە بۆ پشتگیری لەداوای بەرپاکردنی ریفراندۆم وجیابوونەوەی کوردستان .

**کۆمیتەی بریتانیا**

**2004/6/28**